## گلزار شاعران کردستان

نووسینی مێژووی ئەدەبی بۆكان پێداویستییەكی گرنگە، و بۆ ئەم کارە دەبێ بەڵگە و سەرچاوەی باش بدۆزرێتەوە.

کتێبی "گلزار شاعران کردستان" پێک هێنراوی "سید عبدالحمید حیرت سجادی" یە کە لە ساڵی (١٩٨٥) ١٣٦٤ دا بڵاو کراوەتەوە. لە کتێبەکەدا ناو و نموونەیەکی کورت لە شیعری ٢٥٠ شاعیری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان ناسێنراوە. زۆربەی شاعیرەکان خەڵکی کوردستانی ئەردەڵان و بەتایبەت سنەن، هەندێک شاعیری ناوچەی موکریانیشیان لەگەڵ خراوە و تەنانەت چەند کەسی وەک ناڵی و مەلای جزێری و شێخ رەزاش لەناویاندا گونجێنراون.

بە ڵام ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، ئەم شاعیرانە ن:

| | |
|---|---|
| ١. ادب مەهابادی | (عبدالله، مصباح الدیوان) ،١٢٢٧-١٣٣١کۆچی مانگی |
| ٢. ترجانی مەهابادی | (مەلا ئەحمەد تورجانی زادە)، ١٣٦٠ ــ ١٣١٩ |
| ٣. جوهری بۆکانی | (مەلا حە سە ن) سەرەتای سەدەی چواردەی کۆچی |
| ٤. حافدی بۆکانی | (مەلا محەمەد سەعید حافیدی قزڵجی)، ١٣٨٣ - ١٢٩٢ |
| ٥. حەقیقی بۆکانی | (عەبباس)، ١٣٧٥- ١٢٨١ هە تاوی |
| ٦. حیدری مەهابادی | (عەلیخانی سالار سەعید)، ١٣٢٨- ١٢٩٠ |
| ٧. سوارە بۆکانی | (ئیلخانی زادە)، ١٣٥٤ ــ ١٣٢١ |
| ٨. شفیعی بۆکانی | (مەلا عصام الدین)، ١٣٠٠-١٣٧٤ |
| ٩. صدقی بۆکانی | (مەحموود) |
| ١٠. مەلا محمەد حسین ترجان | (کوڕی مە لا عەلی تورجانی) ،١٢٧٨-١٣٣٥ |
| ١١. مەلا مەعروف کۆکەیی | ١٣٢٤ ــ ١٢٥٣ |
| ١٢. وجدی بۆکانی | (مەلا محەمەد حەسەن قزڵجی) ،١٣٢٧ ــ١٢٧٤ |
| ١٣. وجدی بۆکانی | (محەمەد) ١٣٦٦- ١٣٠٧هە تاوی |
| ١٤. وفا بۆکانی | (عمر سڵطانی)١٣١٨-٢٠٠٥ |

سا ڵ ومانگەکان زۆر تە واو نین

سید عبدالحمید حیرت سجادی، "گلزار شاعران کردستان" ، ناشر: مولف، سنندج ۱۳٦٤ ،
۲۸۵ صفحه (فارسی)